- نازانم .. ئافرەتێکە بە ئاستەم دەنگی دەردەچێ دەڵێ پێی بڵێ دایکی (ژینۆ) یە .
سەرت بەرزکردەوە ، برۆکانت هێنایەوە یەك ، نەتناسی یەوە ، هاورێکەت تەلەفونەکەی دایە دەستت لەسەرخۆ نات بە لا کوێتەوە .
- (ژینۆ) دەستی باوکی ماچ دەکا .. لە نەخۆشخانەکەی سەرەوە چاوەڕوانین بێ ی بەدووماندا . دەنگەکەت ناسییەوە ، رووت رەش داگیرسا ، هەستایتە سەرپێ ، ئاوازی دەنگەکە ، لە ساتە وەختێکدا سووری هەڵگێڕایت ، لێوەکانت لەیەك ترازان و هەر چەندت کردو ، کۆشای دەست گۆی نەکرد هیچ بڵێی ، بە پڕتاو بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتی ، لەوێ نێوچاوانت تەقی بە نێو چاوانی - کابراکەوە - کاغەزەکانت لە دەست خستە خوارەوە ، نەپەرژای داوای لێبوردن بکەی ، لەبەر دەرگاکەی بەڕێوەبەری گشتی دا فریات کەوتەوە . پەنجەی خستبوە سەر کاغەزەکانی .

- ئا قوربان .. بەڕێوەبەری گشتی بڕیاری لەسەر دا .. ئا .. ئەوەتا .

- باشە .. باشە کاکەگیان ، ئەگەر بە ئەرکی نازانی سبەینێ بێنیتەوە بۆت تەواودەکەم .

بە دەم ڕێوە هەر ئەوەندەت بۆ دەوترا ، گەیشتیتە دەرگاکە وەکو هاوەڵێکی دێرین خۆت کرد بە ژوورا ، چاوەڕێی (فەرموو) ت پێ نەکرا ، زۆری نەمابوو (بەیانی باشیش) نەکەی ، دەستەکانت هەڵتەگلۆفت ، بسکەی سمێلت دەهات خۆشت نەتزانی چۆن وتت :

- قوربان .. ئەگەر بواربدەن ، ئێمە منداڵمان بووە ، بەڵکو دەچم منداڵەکانم لە نەخۆشخانە دەبەمەوە ، سبەینێ دێمەوە .

# ئاواتی مرۆڤێك

ئاشتی عوسمان دانش

سلیمانی / گەلاوێژی / 1984

ئێوارێیەکی پڕ لە مژدە ، مژدەی ئەو کارو ئاواتانەی وەك گڕێك لە گیانم ئاڵاوە ، بووتە بورکانێکی پیر ، گڕو تینی لە هەناومدا بێ شوومارە .. هاکا ساتێکی زۆر نزیك بتەقێتەوەو ناو جەرگم بە جارێك هەڵتەکێنێ ، ئەوسا بە هیچ جۆرێك خۆم بۆ ڕاناگیرێ و ئەترسم وەك ئەو مرۆڤانەم لێبێت کە هیچ دەسەلاتێکیان بەسەر خۆیاندا نەماوە ، بوونەتە گاڵتەگێڕی خەڵکی .. ناهەقیان ناگرم ... تازە ئەوانە ڕۆیشتن مەگەر مەرگ لە باوەشی گۆڕیان بنێت و تا هەتاهەتایە ئاسوودەیان بکات .. بۆ !! منیش زۆر جار ئارامم لەبەر ئەبڕێ و بەلام بە پلەی ئەوان نا ، هەندێ کارم لێ ئەوەشێتەوە زۆر پێ ی شادئەبم فینکیەکی زۆر ئەداتە دڵە لاوازەکەم ئارامم ئەکاتەوە ، ئەدەمە شەقەی باڵ وەك مەلی بێ غەم هەموو ئاسمان تەی ئەکەم ، خۆم لێ ئەبێتە

پاشا ... تاجی بەختیاری لەسەر ئەنێم ، بەلام هێندە نابا دێمەوە هۆش خۆمو ئەچمە سەر شوێنێکی بڵند جارێکی تر بەسەر کارەکانما ووردئەبمەوە ئەبینم زۆر ئازارم ئەدەن ، ئەکەومە گومانەوە بە خۆم ئەڵێم بۆ وامکرد مێشکم جەنجاڵ ئەبێتو سەری دنیام لێ دێتەوەیەك ، هەرچەند ئەمەوێ قەناعەت بە خۆم بکەم کەچی ناتوانم ... قوڕ بە سەری من لەوەدایە ئەو پەشیمانی‌یە ئەبێتە تیژترین ئەشتەرو لە دەقەیەکدا هەزارەها جار لە مێشكو گیانم هەڵئەچەقێ .. ئێ خۆ نەخۆشیش نیم بە خۆشمەوە نانازم بەڕادەیەکی باش .. نانالێنم وەك مرۆڤێکی زۆر کامڵ بەلام ئەمسەرو ئەوسەری مەسەلەکانی ژیان تاوتوێ ئەکەم .

حەزم ئەکرد بەتەنیایی بڕۆم شەقامی ڕەشی شارەکەمم بەدوای خۆما هەڵبکەمەوە .. تاوەکو ئەو بیرە ناقۆڵایانە لە مێشکم دەرئەچێ ، بۆیە لەبەرخۆمەوە ووتم : ئەگەر بێت مرۆڤ ئەوەندە پەشیمان‌بێتەوە دائەڕزێ .... بەلام چەندە کاری باشەو پیاوەتی‌و خزمەتگوزارت بێ ... ئەوەندەی‌تر ڕێزت زیادئەبێت ... خۆزگە هەموو مرۆڤێك وا بیری ئەکردەوە ...

لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە ئەمڕوانی‌یە سەرشەقامەکە زۆر کەسم بینی هاتوچۆیان ئەکرد .. هەندێکیان ئەتووت باخێکی زۆر ڕازاوەن تریقەو پێکەنینیان ئەهات .. لەبەر خۆمەوە ووتم ، تۆ بڵێی ئەمانە لە هەموو ناخۆشی‌و پەژارەیەك بەدوور بن ... جا باشە ئەمانە دڵیان نی‌یە ... سۆزیان جووڵە ناکات .. یان ئەمانە هیچ تاریکی‌یەك لە ژیانیاندا نی‌یە ، ئاسوودەن ئیتر بۆ پێئەکەنن ، زۆر حەزئەکەم وا بژیم ... لە پڕ بیرم گۆڕی باشە ئەم ژیانە چی‌یە من بەم هەموو خەمەوە ناومە بە کۆڵەوە هاکا لەپڕا بەلادا هاتم ئینجا ئیتر چی ئەبێ .. سەیرم !!

هاتم کۆمەلانی خەڵکم هەموو ڕیزکرد هەریەکەی بەپێی سەر بە چینەکەی جیام‌کردنەوە ... ئینجا تێم‌ڕوانین ، شتێ زۆر سەیرم بینی .. ئای خۆ ئەمەیان سێ کۆشكو دوو ئۆتومبێلی هەیە ، بەلام کافر بەزەیی بە حاڵیدا یەتەوە ، یەك هەڵپەیە وا ئەزانێ ئێستا نا تۆزێکی تر دنیا بەسەر ئەمدا ئەڕوخێ ، چاوە چلێسەکانی بڕیوەتە هەموو شتێك بە هەر چوار پەلا خۆی ئەکوتێ .. ئەیەوێ دوو کۆشکی تر و یەك دوو ئۆتومبێلی تریش بخاتە سەر گلێنەی چاوی بەلام بە هیچ شتێك چاوی پڕنابێتەوە .. بەلام شتێکی زۆر سەیر ئەم جۆرە پیاوانە لای خەڵکی زۆر معتەبەرن ..

- هەیەتی باوکم .. هەیەتی ... زۆر کوڕی چاکە ... پیاوەکە بەڕێزە ..

لاله کەریمی داماویش ڕۆژ تا ئێوارە شانو قۆڵ ئەکوتێ ئارقەی ناوچەوان ئەڕێژێ ، کەچی بە سکێ تێرو بە دە برسی ، دەك سەبەبکاری ئەم ڕواڵەتە بە کوێ زووخاڵ بێت ، ئاخر بۆ مناڵە ناسكو جوانەکانی لاله شەو تا بەیانی هەزار خەوی سەوز بە خواردنێکی خۆشەوە ببینن ، بەلام ئەم دیاردیە تا سەرنی‌یە بەڵکو سەری ئەچێتە ژێر خاك ، بۆ نا ... زۆر تاقی‌کردنەوە ئەمەی سەلماندوە .. زۆربەی زۆری خەڵکی بێ دەرەتان ئاسودەبوون‌و ئاواتیان هاتۆتە دی ، بەلام بێ پەروا چوون بە کژ هەزارەها ئەژدیهای حەوسەردا تا سەر ئێسقان بە دڵسۆزی‌یەوە وازیان نەهێنانەوە تا گەیشتونەتە ئاکام ..

لەم بیرکردنەوەیەدا بووم ، لەپڕ هۆڕنی ئۆتومبیلێكو قیژەی مناڵێكو هاواری دایکێك بە ئاگای هێنامەوە ، کاتێ سەرم‌هەڵبڕی بینیم دایکەکە وەك شێتی لێ هاتووە ... هانا بۆ هەموو لایەك ئەبات مناڵە ڕوح سووکەکەی کەوتۆتە ژێر ڕەحمەتی تایەوە ... ئەم ڕووداوە زۆر کاری تێ کردم لە جێ‌ی خۆم ڕاچەنیم هەرچی هێزم تیا بوو گوڕم‌دایە خۆمو خۆم گەیاندە سەر جادەکە مناڵەکەم خستە ناو تاکسی‌یەکەوە ڕفاندم بۆ خەستەخانە ... زۆر دڵخۆش بووم بەم کارەم ... هەر لەوێشدا بڕیارمدا بوتڵێك خوێن بدەمە مناڵەکە ..

ئەو ڕۆژە زۆر ئارام بووم ، هەستم‌کرد کارێکی بچوکی سەر شانم بەجێ‌هێناوە .. دنیا هەمووی خۆشەویستی‌و دەستی یارمەتی درێژکردنە ... خزمەتە لەپێناوی خەڵکی‌دا .. بەکژا چوونی ڕووی دزێوی‌و ناقۆلایە ... لەپێناو هێمنی‌و بەختیاری‌دا .